# تەنها بە دروشم ئافرەت نیوەی کۆمەڵە

**دروشـــمی (ئافرەت نیـــوەی کۆمەڵە) لەسەر ئاســـتی وڵاتانی پێشکەوتووش تا هەنووکە بە تەواوی لـــە کایەکانی ژیاندا جێبەجێ نەکراوەو نەشتوانراوە بەشداری ئافرەتان و پیاوان لە گشت جومگەکانی کۆمەڵگەدا بەشێوەی نیوە بە نیوە بچەســـپێندرێ. بەشداربووانی ئەم راپۆرتـــە وەڵامی ئەو پرســـیارانەی گوڵان دەدەنەوە.**



## گوڵان: کۆمەڵایەتی

د.ئاهەنگ ئیسماعیل مامۆستای زانکۆیە و سەبارەت بە دروشمی ئافرەت نیوەی کۆمەڵە رایوایە «جگە لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا هیچ وڵاتێکی جیهان سیستەمی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی تێدا پەیڕەو نەکراوە»، بۆیە دەڵێت «لەهەموو وڵاتەکان پیاو باڵادەستە چونکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای بەهێزی مرۆڤ دروستبووە، نەك لەسەر بنەمای تێگەیشتن، لەبەرئەوە زۆر گرنگە هەموومان ئەوە بزانین کە تێگەیشتن لەم چەمکە زۆر ئاسان نییە، کۆمەڵگەی ئێمە هەتا ئێستا لەمەفهوومی دیموکراسی بەتەواوەتی نەگەیشتووەو ئەمەش پرسیار دروست دەکات، ئایا لە کۆمەڵگەیەکی بەم شێوەیە دەتوانرێت چەمکێکی لەو شێوەیە جێبەجێ بکرێت؟ بێگومان پرسی بەرجەستەکردنی نیوەی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، بەڵکو بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، هەرچەندە پێش ئەوەش بە کەمی لەلایەن هەندێك نووسەری ئەوروپای ڕۆژئاوا بەکارهاتووە، دواتر لە ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەدا لەلایەن چەند نووسەرێکی میسرییەوە لەوانە (قاسم ئەمین، حەنان شەعراوی و شبلی شامیل) ئەم چەمکە بەکارهاتووە، بەڵام وەك دروشمێکی گرنگ کە چووبێتە نێو فەرهەنگی سیاسییەوە لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە بەتەواوەتی ناسرا و بەیەکێك لە دروشمەکانی شۆڕشی بەلشەڤی (ئۆکتۆبەر) لە ڕووسیادا ئافرەت نیوەی کۆمەڵە هاتبوو».

قادر قاچاخ وەك سیاسەتوانێك سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات کە لە لاپەڕەکانی مێژوودا باسی ئەوە کراوە، سەردەمێك ئافرەت باڵادەست بووە کە بەسەردەمی (ماتریارکی) واتە دایکسالاری بەناوبانگە، بەڵام دوای هاتنی قوناغی کشتوکاڵ و دەستپێکردنی قۆناخی دەرەبەگی ئەو تۆڵەیە لەئافرەت کرایەوەو سیستەمی دەسەڵاتی گۆڕی بۆ (پاتریارکی) واتە باوکسالاری و لەو کاتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەستێرەی ژن روو لە ئاوابوون بووە، بەتایبەتیش لە وڵاتانی پەروەردەی دیکتاتوریەت، نەك ئافرەت بەنیوەی کۆمەڵ، بەڵکو بە تەواوەتی بە مرۆڤیش هەژمار نەکراوەو هەموو مافێکی زەوت کراوە، لەو کاتەوە تاکو ئێستا کەلتوورێك هاتەکایەوە ئافرەت نەیتوانیوە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، بێجگە لەوەی لەگەڵ پیاو هەردوو پێکەوە چەوساوەی دەستی دیکتاتۆری و چینایەتی بوون».

شاخەوان خالید سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا، سەبارەت بەو چەمکەی کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، ڕایوایە « لە کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی تا ئێستا وەك پێویست بۆ بوونی ئافرەت بە نیوەی کۆمەڵگە، یان چەسپاندنی رۆڵی ئافرەت وەك نیوەی پێکهێنەری ژیان بە شێوەیەکی مەعریفی کاری لەسەر نەکراوە، هەر لەسیستەمی دەسەڵاتەوە تادەگاتە کۆمەڵگەو لەژیانی سیاسی و کارگێڕیشدا ئەم بابەتە وەك پێویست بەرجەستە نەکراوە». گوتیشی ((ڕێژەی ئافرەتان لەناو پەرلەمانی کوردستان هەتا ئێستا لە ڕێژەی (٣٠٪) تێپەڕی نەکردووە، تا ئێستا ئافرەت وەك پێویست لەگەڵ پیاو بە شێوەیەکی یەکسان بەشداری بڕیاردانی سیاسی نەکردووە، دەسەڵاتیش بەتایبەتی لە پۆست و پلە باڵاکان ئافرەتیان فەرامۆش کردووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ناو خێزانیش هەمان سیستەم دووبارە دەبێتەوە )).

دڵنیا عەلی پسپۆڕ لە سەنتەری چارەسەری دەروونی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «دروشمی یەکسانکردنی ژن و پیاو یان ئەوەی کەدەوترێت (ئافرەت نیوەی کۆمەڵە) دروشمێك بوو کە سەرەتا لە وڵاتە کۆمۆنیستەکان دەستی پێکرد، هەمیشە لەم ولاتانەدا کۆنگرەو کۆنفرانسی جیاواز بۆ یەکسانکردنی هەردوو ڕەگەز گرێدراوە، بەڵام لەراستیدا ئەوان خۆشیان ئەو دروشمەیان جێبەجینەکردووە، بێگومان ڕەوشی کۆمەلایەتی کوردستان زۆر جیاوازە لەو وڵاتەنانەی کە ئەم دروشمەیان بەرز کردووەتەوە، لەبەر ئەوە هەمووومان پێویستە ئەوە بزانین کە دروشمێکی ئاوا بۆ کۆمەڵگەی ئێمە وەك مەرەکەبی سەرکاغەز وەهایەو زۆر بە سەختی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە».

قادر قاچاخ پێشنیار دەکات بۆ چەسپاندنی ئەو دروشمە «بەرپرسانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئافرەتانی خویانەوە دەست پێ بکەن، بۆ ئەوەی خەڵك لاساییان بکاتەوە»، باشترین چارەسەر ئەوەیە لەخومانەوە دەست پێ بکەین بۆ ئەوەی ئافرەتیش رلێکی وابگێرێت، شان بە شانی پیاو شوێنی خۆی بکاتەوە، چونکە بەبێ قوربانی هەشتی ئادار بەدەست نەهاتووە، شیربایی هەر ئامانجێك رشتنی خوێن و ئارەق و فرمێسك بووە. .

د.ئاهەنگ ئیسماعیل کاتێك ڕووبەڕووی پرسیاری رێکاری چارەسەر و جێبەجێکردنی ئەو دروشمەی دەبێتەوە، لە وەڵامدا دەڵێت «دەیان ئافرەتی بەتوانامان هەیە کە لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا مامۆستان و پرۆفیسۆرن، ئافرەتی بە توانامان هەیە کە بیسەلمێنێت ئافرەتیش وەك پیاو توانا و کارامەیی هەیە، بەڵام ناکرێت ئێمە تەنیا بە یاسایەکی کۆپیکراوی رۆژئاوا ئافرەت بکەین بەنیوەی کۆمەڵگە، بەڵکو کۆمەڵگە دەبێت خۆی بڕیار بدات،واتا دەبێت ئەو ئازادییە بۆ کۆمەڵگە بەجێبهێڵین، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك خاوەنی دابونەریتی خۆیەتی و دەتوانێت بە جۆرێك بڕیار بدات، بەڵام ئەرکی سەرشانی چالاکوان وتوێژەرانە کە بتوانن کار لەسەر ئەم بابەتە بکەن، بەبڕوای من دارشتنی هەر یاسایەك بۆ ئەم سیستەمە زۆر هەڵەیە و ناکرێت بەیاسا ئەم کارە بکرێت، بەڵکو دەبێت بوار بدەینە کۆمەڵگە خۆی ئەرکی خۆی رابپەڕێنێت، دەبێت ژنان و پیاوانی ئێمە خۆیان بڕیار بدەن نەك بە یاسایەکی کۆپیکراو هەوڵی چارەسەر بدەین. خاڵێکی جەوهەری بۆ گەیشتن بە جێبەجێکردنی ئەو دروشمە ئەوەیە کە ئافرەتی کورد خۆی پێگەی خۆی بەهێز بکات، بە جۆرێك کە بتوانێت بەهاوشانی لەگەڵ پیاودا کۆمەڵگە پێش بخات و دنیایەکی دیموکراتی دروستبکات، لەبەر ئەوەی لەگەڵ سەقامگیربوونی دیموکراتیدا ئیتر مرۆڤەکان هەموویان یەکسان دەبن و هەرکام وەك یەك خاوەن دەنگی خۆیان دەبن.

دڵنیا عەلی چارەسەری ئەم بابەتە بە رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەو چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ پەیوەست دەکات و دەڵێت «ئەگەر ئێمە بتوانین تاکەکان فێری مافەکانی خۆیان بکەین، ئەوکات دەتوانین لەگشت چەمکەکانی یەکسانی رەگەزی بگەین و ئەو دروشمەش بە کردەوەیی بکەین». گوتیشی «هەر کۆمەڵگەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەتا ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمە کەس نازانێت مافەکانی چییە، ئیتر ئێمە چۆن بتوانین لەوەی بگەیەنین کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، بۆیە تاکە ڕێگەی چارەسەرمان بەوە دەبێت کە هەر ڕەگەزەو کاری خۆی بکات بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بچەسپێنێت، نابێت شەڕی کەلتووری بۆ ئافرەت دروست بکەین، بۆیە تەنیا چارەسەر لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە ئاستی رۆشنبیری تاك بەرامبەر بە یەکسانی ڕەگەزی بەرز بکەینەوە».

**د.ئاهەنگ ئیسماعیل:**
**خاڵێکی جەوهەری بۆ گەیشتن بە جێبەجێکردنی ئەو دروشمە ئەوەیە کە ئافرەتی کورد خۆی پێگەی خۆی بەهێز بکات**

**قادر قاچاخ:**
**پێویستە بەرپرسانی سیاسی لە ئافرەتانی خۆیانەوە دەست پێ بکەن، بۆ ئەوەی خەڵك لاساییان بکاتەوە**

**دڵنیا عەلی:**
**تەنیا چارەسەر لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە ئاستی رۆشنبیری تاك بەرامبەر بە یەکسانی رەگەزی بەرز بکەینەوە**

**شاخەوان خالید:**
**ئەو کەسانەی کە دروشمی ئازادی و یەکسانی بەرز دەکەنەوە، ناکرێت مافی نیوەی کۆمەڵ پێشێل بکەن**

## به بەشداری فراوانی لە کاری ڕێکخراوەییدا

# ڕۆڵی ئافرەت لە بڕیاری سیاسیدا بەرجەستە دەبێت

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**ئەگەر بە رامانێکی سادەش لە پێگەی ئافرەتان لە ئاستی دونیادا بڕوانین، دەبینین بەشداری خانمان بەراورد بە پیاوان لە بڕیاری سیاسیدا تەنانەت لە وڵاتانی گەشەکردووشدا ڕێژەیەکی بە تەواوی لاسەنگە و ئافرەتان پتر لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندان، نەك لە پۆستە سیاسییەکاندا. لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکانیشـــدا بە هەمان شـــێوە لەبەردەم بەشداری ئافرەتان لە سیاسەتدا بەربەســـتی زۆر هەیە. بەڵام بۆچی وڵاتانی پێگەیشـــتووی پەرەســـەندووی ڕۆژئاواش بە قەتیســـکراوی مامەڵە لەگەڵ پرســـی ئافرەتان دەکەن و لاسەنگیی ڕەگەزی لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاســـیدا بە زەقی دیـــارە، لەکاتێکدا ڕۆژئاوا خۆیان بە خاوەنی دیموکراســـیەت و پێشـــەنگی هەموو بنەماکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دەزانن؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان بابەتەکە زیاتر شیدەکەنەوە**

مافپـــەروەر مەیـــادە نەجار، وەك یاســـاناس و چالاکی بواری ئافرەتان، سەبارەت بە پیادەکردنی مافی ئافرەت لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات چەند تێبینییەکی هەیە و بەمجۆرە دەیانخاتەڕوو: «لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا هەموو مرۆڤەکان مافیان دەستەبەر کراوە و چیتر پێویســـتیان بەوە نییە کە جیاکاری بۆ چەمکەکان بکرێت، بە نموونەش کارکردنی ئافرەت کەمتر لەبواری سیاســـیدا لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا بۆ ئـــەوە دەگەڕێتەوە کە ئافرەتانی ئەو وڵاتانـــە وەك پیاوان بەبێ هیچ جیاوازییەك لە کایە سیاسی و ئابوورییەکاندا بەشدارییان کردووە، بەڵام ڕەنگە کەمتر ئافرەتان ڕوو بکەنە کایەی سیاســـی و زیاتر بیانەوێت لە کایە ڕۆشـــنبیری و چالاکییەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا بەشداربن، لەبەر ئەوەی کە ئەوان زیاتر دەتوانن لەو بوارەدا کار بکەن.»

مەیادە ئافرەتانی ئەڵمانی بە نموونە دەهێنێتەوە کە لەدوای جەنگی دووەمـــی جیهانی توانییان ڕۆڵێکی گرنـــگ بگێڕن، ئەمڕۆش بەهەمان شـــێوە توانیویانە ئافرەتێك بکەنە ســـەرۆکی وڵاتەکەیان کـــە زۆر بەوردی کارەکانی وڵاتەکە بەرەو پێش ببات و هەنگاوی جددی بنێت. گوتیشـــی: «دوای ئەوەی سیستەمی پیاوسالاری دەستی پێکرد، ئیتر قۆناغێکی نوێ لە ژیانی هەموو مرۆڤەکان دەستی پێکرد، ئەویش ئەوە بوو کە ئافرەتان بوونە دیلی کۆمەڵگە، بە جۆرێك لەهەموو جیهاندا تا ئێستاش قوربانی دەستی نەریت و سیســـتمی پیاوسالارین، بەڵام پیاوسالاری لە ڕۆژهەڵاتدا زۆر بە زەقی دیارە و کاریگەری لەســـەر ئایندەی تاکەکان هەیە بەڵام لە ئەوروپادا ئەمە کەمتر دەرکەوتووە. مەرجیش نییە پێشکەوتنی کۆمەڵگـــە بە ســـتراتیژیەتی بەشـــدرای ئافـــرەت لەچەند پۆســـتێکدا ببەســـترێتەوە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئافرەتان بتوانـــن لە ناوەندی بەڕێوەبردندا بە چوســـت و چالاکی خۆیان ڕۆڵێکی باشیان هەبێت».

کۆمەڵناس فەرەیدون بێوار، ســـەرەتا باســـی ئـــەوە دەکات کە بە شێوەیەکی گشتی و لەسەر ئاستی جیهان ڕێژە و ژمارەی ئافرەتان لە بواری سیاسیدا و لە پۆستە سیادی و سیاسییەکان کەمترە لە پیاوان، بەڵام ئەو بابەتە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت و ڕێژەکان وەك یەك نین. لەهەندێ وڵات ئافرەتی سەرۆك وەزیران و سەرۆکی حزب هەیەو هەشە نیوەی کابینەی حکومەت ئافرەتن، لـــە زۆر وڵاتیش دەبینین بە دەگمەن ئافرەتێك ڕێی پێدەدرێ لە بڕیاری سیاسیدا بەشـــداری بکات. ئەوەش ڕەنگە پەیوەندی بە هەر دوو هۆکاری خودی و بابەتی هەبێ. ڕەنگە ئافرەتان خۆیان کەمتر حەز بە بواری سیاسەت بکەن و زێتر ڕوو لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی و هونەری و.. بکەن، لەبەر ئەوەی بواری سیاســـەت هەر بۆخۆی بوارێکی وشـــك و پڕ کێشە و ململانـــێ و بەرپرســـیارێتی و ناکۆکییە، کە ڕەنگە زۆر لەگەڵ کەســـایەتی و پێکهاتەی سایکۆلۆژی و بایەلۆژی ئافرەت وێکنەیەتەوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئافرەت توانای سیاسەتکردنی نییە، بەڵکو بەو مانایەیە کە هەم خۆی کەمتر حەزی پێدەکات، هەم ڕەنگە دۆخ و ژینگەکەش ڕەخساو نەبێ.

«.پەیام ئەحمەد پەرلەمانتاری پێشووی پەرلەمانی کوردستان،



لە دەستپێکی قسەکانیدا گوتی: «باسێکی کورتی ئافرەتان لە کوردستان دەکەم، ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەو پۆستانەی کە دراوەتە ژنان توانیویانە وەك پیاوان بگرە باشتریش کارەکەیان بکەن، زۆر سەرکەوتووانە کارەکانیان ڕاپەڕێنن، بەڵام ئەمە واینەکردووە کە حزبەکان گرنگی بە ژنان بدەن و کارێك بۆ ئەوە بکەن کە ژنان پێش بخەن». بەڵام ئەگەر وردبینەوە دەبینین حکومەتی هەرێم بوارێکی ئەوتۆی نەڕەخساندووە بۆ ئەوەی ئافرەتان زۆرتر بچنە نێو پرۆسەی سیاسییەوە و پلانی ئەوەشی نییە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان ژنان لە پرۆسەی بەدەستهێنانی پۆستی سیاسیدا بەشداربن، ئەمەش دوو هۆکاری هەیە، یەکەمیان ئەوەیە لە زوربەی کۆمەڵگە جیهانییەکاندا بە کۆمەڵگەی کوردەوارییەکانیشەوە کارەکانی ژنان سنووردار کراوە، هۆکاری دووەمیش ئەوەیە کە ژنان خۆیان لە کارەکانیداندا یەکگرتوو نین.

چالاکوان و رۆژنامەنووس کامەران وریا قانع، بەمجۆرە رای خۆی دەردەبڕێت: «بەشێوەیەکی گشتی ژیان بریتییە لە هاوکارییەکی بەردەوامی ئافرەت و پیاو لە هەموو بوارەکان و لە هەموو سەردەمەکان. بە درێژایی مێژوو کۆمەڵگەیەك نادۆزیتەوە، تەنها بە لایەنێك لەو دوو رەگەزە بەڕێوەچووبێت، بەڵام لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر رەنگە یەکێکیان زیاتر ماندوو بووە، یان ئەرکی زیاتر بووە، یان دەسەڵاتی زیاتر بووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە مێژووی هاوچەرخ سنوورەکانی هەم ئازادی و هەم دەسەڵاتی پیاو زیاتر بووە، ئەم مێژووەش ئەو راستییەی سەلماندووە کە هەر زیادبوونێك لە ئازادی و دەسەڵاتی پیاو لەسەر ئازادی و دەسەڵاتی لایەنی بەرامبەر دروست بووە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین هەموو پرۆسەکە بە تەرزاوویەك بشوبهێنین هەر زیاد بوون یان کەم بوون لە لایەك، کاریگەری لەسەر لاکەی تری هەیە، ئەمرۆ ئافرەتان بەگشتی لە داگیرکردنێکی لەسەرخۆن و بۆ جومگەکانی کۆمەڵگە وردە وردە شوێنەکان و کۆمەڵگە لەگەڵ پیاو دابەش ئەکەن، بۆ نموونە ئافرەت لە زۆربەی بوارەکانی ژیان بەشدارە، هەر لە فەرمانگەکانەوە تاکو دەگات بە بازاڕەکان، ئەم پرۆسەیە هەرچەندە خاوە بەڵام بەردەوامە، ئەی ئەوە نییە وەزیری بەرگری فەڕەنسا و ئەڵمانیا ئافرەتن؟».

سەرۆکی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان (سۆزان عارف) سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەوە چەند هۆکارێکی هەیە، لەوانە ئافرەتان لە رووی کاری رێکخراوەییە زیاتر هەست بە ئازادی دەکەن، ئەمەش لە ئەوروپا و کوردستان و هەر وڵاتێکی تری جیهاندا جیاوازی نییە و هەمووی وەك یەکە». سۆزان پێشیوابوو کە وڵاتانی ئەوروپا زیاتر هەنگاوی باشیان بۆ برەودان بە تواناکانی خۆیان ناوە و ئەوەش دەخاتەروو کە بەشداری ئافرەتان لەپرۆسەی سیاسی بەراورد بە ساڵانی رابردوو رووی لە زیادبوونە و ئەمرۆ ئافرەتان بەشداری کارایان لەهەموو پرۆسەکاندا هەیە. گوتیشی: «بێگومان ناکرێت ئێمە بەشداری ئافرەت لە رێکخراوەکان لەنێوان کوردستان و ئەڵمانیا هاوتا بکەین، یان بەشداری ئافرەت لە حکومەت لە نێوان نەیجیریا و کۆستاریکا هاوتا بکەین، چونکە هەر یەکێك لەو وڵاتانە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن کە کۆمەڵێك سیفەتی پێبەخیشون».

لەلایەکی دیکەوە ئاڵا کەمال عەلی، میدیاکار و چالاکی بواری ئافرەتان.گوتی: «هۆکاری ئەوەی کە بەشداری ژن لە رێکخراوەکان زیاترە بە بەراورد بە کایەکانیتر، ئەوەیە کە ژن لە کاری رێکخراوەیی لە پیاو سەرکەوتووتر بووە، بێجگە لەوەش توانای وەبەرهێنانی خودی ئافرەت لە رێکخراوەکاندا زۆرتر دەردەکەوێت».

**ئافرەتانی ئەڵمانی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی توانیبیان رۆڵێکی گرنگ بگێڕن، ئەمرۆش بەهەمان شێوە توانیویانە ئافرەتێک بکەنە سەرۆکی وڵاتەکەیان کە زۆر بەوردی کارەکانی وڵاتەکە بەرەو پێش ببات و هەنگاوی جددی بنێت**

**ئەوەی لە ئەوروپا و وڵاتی پێشکەوتوو هەیە و روودەدات، لایەنە حەز و ویستەکەی زیاترە لە رێگرییەکان**



# ئافرەتان لە وەزارەتە گرنگەکانیش توانای ڕاییکردنی ئەرکی پێسپێردراویان هەیە

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئافرەتی کورد لە دێرزەمانەوە، وێڕای ڕۆڵی دایکایەتی و ماڵداری، شانبەشانی پیاو لە ڕەوتی خەبات و ئیداری وڵاتدا ڕۆڵێکی بەرجەستەیان هەبووە، بەشێکی بەرچاویان لە ڕۆژانی سەختی خەباتی شاخدا، هاوسەفەر و هاوسەنگەری پێشمەرگە بوون، لە ئێستاشدا ژمارەیەکی زۆری ئافرەتی کورد لە گشت جومگەکانی کۆمەڵگە بە حکومی و ناحکومییەوە بەشدارن و شوێنپەنجەیان دیارە، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بەوە دەکەن لە هەندێ وەزارەتی هەستیار بۆ نموونە (وەزارەتەکانی دارایی و سامانە سروشتییەکان)، پەراوێز خراون و پۆستی گرنگیان پێنەدراوە. بەشداربوونی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر شرۆڤەی ئەو بابەتە دەکەن.



بەناز عەلی بەرپرسی «بزووتنەوەی ژنانی ئازادیخواز لە بەریتانیا»، هۆکاری پەراوێزخستنی خانمان لە پۆستەکانی هەندێ وەزارەتی هەستیار لە هەرێمی کوردستان بە دووخاڵ پۆلێن دەکات، یەکەم: «عەقڵی سیاسی لە بەڕێوەبردنی وڵات عەقڵێکی پیاوسالارە و لە پرسە گرنگ و هەستیارەکاندا باوەڕیان بە توانا و بەهرەی ژنان نییە، بۆیە لە پرسەکانی دارایی و نەوت و سامان سروشتییەکان و دانوستان لەگەڵ بەغدا بەشداری بە ئافرەت ناکەن. دووەم: ژن هەموو توانای خۆی خستۆتە بواری مافەکانی ژنانەوە، کەمتر بایەخیان بە بواری زانستەکانی وەك دارایی و زانستە سروشتییەکان داوە، ئەوەش وایکردووە کەم لە ژنان لەو بوارەدا بتوانن تواناکانی خۆیان بسەلمێنن. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ژنی بەتوانامان لەو بوارانەدا نییە».

بەناز عەلی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئەگەر ئافرەتان زیاتر لە پۆستە گرینگەکاندا ئەرکیان پێ بدرێ، ئایا ڕێژەی گەندەڵی کەم دەبێتەوە؟ دەڵێت: «کەمبوونەوەی گەندەڵی پەیوەندی بە سیستم و جۆری بەڕێوەبردنەوە هەیە، ئیدی ژن بێت، یان پیاو گەندەڵی روو دەدات، با ژن زۆر دەستپاکتر بێت لە پیاو، بەڵام لە سیستمی بەڕێوەبردن هێشتا واسیتەکاری و حزبایەتی و خزمایەتی و چەندین جۆری دیکەی گەندەڵی بوونی هەیە و بەسەر یاسادا زاڵە، ئەم دیاردەیەش هەمووان تووش دەکات».

شوان محەممەد ئەمین خۆشناو مامۆستای زانکۆ کۆلیژی ئاداب بەشی مێژوو، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە رای من مەسەلەی گەندەڵی و گەندەڵکاری هێندەی پەیوەندی بە خودی مرۆڤەکە و پەروەردە و ویژدان و برسیەتی لە ئارەزووەکانی و تێرکردنی هەوەسەکانی لە ڕێگەی ماددی و کەلتوور و هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە رەگەزەوە نییە. بۆ وەرگرتنی پۆست لە وەزارەتە سیادییەکانیش، رەگەز گرنگ نییە، یان ژن و پیاو نییە، بەڵکوو گرنگ تەکنۆکراتی و پسپۆڕی و شارەزاییە لە بوارەکەدا، بەڵام کادیرە پیاوانی سەر بە پارتە سیاسییەکان شەڕی کورسیی وەزارەتە گرنگەکان دەکەن و ئافرەتان توانای ئەو رکابەرییەیان نییە».

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە بنەڕەتدا مەسەلەی گەندەڵی پێویستی بەچارەسەری بنەڕەتی هەیە بۆ ئەوەی جومگەکانی دەسەڵات و کارگێڕیی دەوڵەت لە ئیفلیجبوون بپارێزێ»، گوتیشی: «گەندەڵی بووەتە پەتایەکی کوشندە و تەنها وەزارەتێك، یان دوو وەزارەتی دیاریکراوی نەگرتۆتەوە، هەروەها بوونی هەندێك ئیمتیازات بۆ فەرمانبەران لە وەزارەتێك و نەبوونی ئەو ئیمتیازاتە لە هەندێ وەزارەتی دیکەدا وایکردووە خەڵك هەوڵی دامەزران لەو وەزارەتدا بدات کە ئیمتیازاتی زیاترە، بۆیە سیمای گەندەڵی لەوانەیە زیاتر بە بەژن و باڵای ئەو وەزارەتانە بڕابن. ئەگەر سەیری رۆڵی ئافرەت بکەین لە دام و دەزگاکانی حکومەتی کوردستاندا، ئافرەتی کارامە و سەرکەوتووی باشمان هەیە، دەتوانن کارەکانیان بە باشی راپەڕێنن و دڵسۆزانەش کاری خۆیان دەکەن و دەکرێ لە هەردوو وەزارەتی دارایی و سامانە سروشتییەکانیش کە سەرچاوەی دابینکردنی پارەی وڵاتن زیاتر سوود لە دەستپاکی و تواناکانی خانمان وەربگرن».

فاتیح رەئووف ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «پێویستە ئافرەتان لە تەواوی ناوەندە باڵاکانی حزبی و حکوومی بە شێوازێکی کاراتر رۆڵیان پێ بدرایە»، گوتیشی: «ئەوەی رەچاو دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا بە ڕێژەیەکی دیاریکرا رۆڵ بە ئافرەتان دراوەو تواناکانی ئافرەت لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس کراوەو لەسەر میلاکی حزبەکان دەستنیشان کراون، نەك پشت بە توانا و لێهاتووییان بەسترابێت، ئەوانیش هێندەی بیر لە بەرژەوەندی حزبەکەیان دەکەنەوە، نیو هێندە بیر لە بەرژەوندی مافەکانی ئافرەتان ناکەنەوە، لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی ئافرەتان لەلایەن حزبەکانەوە بۆ بەرژەوەندی حزبی و هەندێك جار لەپێناو بەرژەوەندی پیاوسالاری بەکار دەخرێن، تا ئەو ئاستەی ئەرك و ماف و داواکارییەکانی خۆیان لەبیر کردووە».

فاتیح رەئووف جەختی لەوە کردەوە کە «ڕێژەیەکی دیاریکراوی ئافرەت لە بواری ڕێکخراوە NGOکاندا کارامەن و لە هەوڵی بەرەوپێش بردنی ئافرەتانن لەگشت بوارێکدا، بەڵام ڕێژەیان کەمەو ناتوانن ببنە فشارێك تا رۆڵیان پێ بدرێت لەناوەندەکانی بڕیاردا، بەتایبەتیش لەدوای پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بواریان بۆ رەخسێندراوە تا بتوانن رۆڵی خۆیان بگێڕن»، گوتیشی: «دەکرا سەرجەم ئافرەتان بەبێ جیاوازی لەپێناو وەرگرتنی مافەکانیان تواناکانیان یەك بخستایە و فشارێکی باشیان بخستایەتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانیان و بەشداری زیاتریان لە بەڕێوەبردنی وڵات».

چالاکیی کۆمەڵی مەدەنی گوڵاڵە پشدەری، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەشداری ئافرەتان لەنێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا پرۆسەیەکی سرووشتی و خۆڕسك نییە کە کۆمەڵگە بە ئاسانی و بە ئاسایی وەریگرتبێت. بگرە کۆمەڵگە نەك دەرفەتێکی یەکسان و هاوشانی رەگەزی نێری بۆ ئافرەت نەڕەخساندووە، بەڵکوو بەربەستی زۆریشی بۆ درووست کردوون».

بە بڕوای گوڵاڵە پشدەری «کۆمەڵگەی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا بۆ قبووڵکردنی ئافرەت لە مەیدانی سیاسیدا هەنگاوێکی سەرەتایی ناوە». بەکارهێنانی سیستمی «کۆتا»شی بە «خێرپێکردن» ناوبرد کە لە بەدیهێنانی مافی ئافرەتاندا زۆر کاریگەر نابێت. نموونەشی بەوە هێناوە کە لە دوو هەڵبژاردنی پێشوودا بەبێ سیستەمی کۆتا تاکە ژنێك نەیتوانی سەربکەوێت، بەڵام ئێستا پێنج ئافرەت بە جیاوازی کوتلە سیاسییەکانیان و پارێزگاکانیانەوە بەبێ کۆتا سەرکەوتن، ئەوەشی بە یەکەمین هەنگاو بە ئاراستەی پێچەوانە لە کۆمەڵگە بۆ گۆڕانکاری یاسایی لە سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی هەژمار کرد، گوتیشی: «کێشەی هەرە گەورەی ئێمە و بەشداری ئافرەتان لە پلەی بەرزدا لە ناو وەزارەتەکان بەگشتی ئەوەیە هەر لە پەرلەمان و وەزارەتەکانی حکومەت تا دەگاتە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئافرەتان و ژنانیش، هەموویان دامەزراوەی حزبین و دەرئەنجام وایکردووە ئافرەتان ناتوانن وەك یەکەیەکی دامەزراوەیی سەربەخۆ بۆ پێگەیاندنی خۆیان کاربکەن و بگەنە ناوەندی بڕیاردان و شانبەشانی پیاوان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشداربن».

**دەکرێ لە هەردوو وەزارەتی دارایی و سامانە سروشتییەکانیش کە سەرچاوەی دابینکردنی پارەی وڵاتن زیاتر سوود لە دەستپاکی و تواناکانی خانمان وەربگرن**

**لە دوو هەڵبژاردنی پێشوودا بەبێ سیستەمی کۆتا تاکە ژنێک نەیتوانی سەربکەوێت، بەڵام ئێستا پێنج ئافرەت بە جیاوازی کوتلە سیاسییەکانیان و پارێزگاکانیانەوە بەبێ کۆتا سەرکەوتن**

**تەنانەت ئافرەتی خاوەن بڕوانامەی بەرز و شارەزا کە پۆستێکی باڵای پێ رادەسپێردرێت، لە ژێر سایەی پیاودا فەرمانەکان جێبەجێ دەکات**

